سودانی سەرخۆشی لە مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی دەکات بۆ کۆچی دوایی براکەی

سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ هەینی، سەرخۆشی ئاراستەی مەرجەعی باڵای ئایینی ئایەتوڵا عوزما سەید عەلی سیستانی کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی "سەید هادی سیستانی" برایەوە.

سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە لەلایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنییەوە باوکراوەتەوە و دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: " پرسە و سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵی خۆم ئاراستەی سەماحەتی مەرجەعی باڵای ئایینی سەید عەلی سیستانی و هەردوو کوڕە کەی دەکەم، بەبۆنەی کۆچی دوایی برای، سەماحەتی ئایەتوڵا سەید هادی سیستانی، دوای بەسەر بردنی ژیانی پڕ شکۆی لە تەژینەوە و خوێندن و زانست و خزمەتکردن بە زانست."

هەروەها وتی: "داواکارین لە خودای گەورە کۆچکردوو بە باوەشی ڕەحمەتی خۆی بگرێت و سەبووری و دڵنەوایی بە بنەماڵە و کەسوکار و دەستانی ببەخشێت."